

# فەرهەنگ و زمان و پەتیگەری(*)

سالار رەشید

*بەو پێیەی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی زیندووە، هەمیشە لە گۆڕان و پەرەسەندندایە، هیچ زمانێک لە باری جێگیری و ڕاوەستاویدا خۆی نابینێتەوە، بەردەوام وشە لەدایک ئەبێت و بەردەوام وشە لەنێو دەچێت. ئەمە دیاردەیەکی هاوبەشی هەموو زمانەکانە، جگە لەو زمانانەی کە لە خانەی زمانە مردووەکان حیسابیان بۆ دەکرێت، ئەمەش هۆی خۆی هەیە و لێرەدا پێویست بە باسکردنی ناکات. زمانی کوردیش وەک هەر زمانێکی دی، لەنێو ئەو یاسا و ڕێسایەدایە، واتە لە زمانی کوردیشدا بەردەوام وشە ئەمرێ و وشە لەدایک دەبێت، بێگومان بە هەزاران وشە نەماون و بە هەزارانیش لەدایک بوون. بۆیە ئێمە کە خەریکی دانانی فەرهەنگێکین بۆ ئەمڕۆی زمانی کوردییە نەک بۆ 50 ساڵی تر. هەروەها ئەگەر پەنجا ساڵ بەر لە ئەمڕۆ کەسێک فەرهەنگێکی دانابێت ئەوا بۆ ئەو برگەیە لە مێژووی زمانی کوردیدا بووە. هەربۆیە پێشکەوتووترین فەرهەنگی پێشکەوتووترین زمان بەردەوام دەسکاری ئەکرێت و لێی ئەخرێتە سەر و بۆی زیاد ئەکرێت. کەواتە (بەو مانایەی سەرەوە)، دانانی فەرهەنگێکی زمان لەمڕۆدا بۆ ئەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆی زمانی کوردییە، یانی بۆ زمانێک کە پڕە لە وشەی بیانی.

*بەو پێیەی هیچ کۆمەڵە مرۆڤێک هیچ تیرە و هۆز و خێڵێک و هیچ قەوم و میللەت و نەتەوەیەک نەیتوانیوە بە دابڕاوی و دوور لەوانی دی زیندەگی بکات، تێکەڵی یەکتر بوونە و لە هەموو مەیدان و بوارێکی ژیاندا بە ڕێژەی جیاجیا کاریگەرییان لەسەر یەکتر داناوە، یەکێک لەو کاریگەرییانە بابەتی زمانە. میللەتی کوردیش بە وێنەی سەرجەم میللەتانی دیکە خۆی لەنێو ئەم چوارچێوەیەدا ئەدۆزێتەوە، واتە زمانی کوردی لەگەڵ زمانی گشت ئەو میللەتانەی کە بەریەککەوتنیان لەنێواندا هەبووە، کاریگەرییان لەسەر یەکدی داناوە و وشەیان پەڕیوەتەوە نێو ئەوان و وشەی ئەوانیش پەڕیوەتەوە نێو زمانی کوردی، کەواتە هیچ زمانێک نادۆزیتەوە زمانی پەتی بێت، لە پێشکەوتووترینیانەوە تا دەگات بە دواکەوتووترینیان، ئەگەر نا ئەو زمانە زمانێکی مردووە. کەواتە دەستەواژەی زمانی پەتی، کوردیی پەتی، ئەفسانەیە، چونکە میللەتی کورد و زمانەکەی وەک هەر میللەت و زمانێکی تر تێکەڵی کۆمەڵگای مرۆڤایەتین و کاریگەرییان هەبووە و بەر کاریگەریش کەوتوون.

*کاتێک وشەگەلێکی بیانی دەچنە نێو زمانێکەوە بە شێوەیەکی گشتی ئەکەونە ژێر کاریگەریی یاسا و ڕێسا و فۆنەتیک و وشەسازی و ڕستەسازیی ئەو زمانە بە جۆرێک مەگەر لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی بتوانێت توێ توێیان بکاتەوە، ئیدی ئەو وشانە بۆ کەسانێک کە بەکاریان دەبات یان بۆ خاوەنی پێشووی

ناسینەوەیان هەروا سانا نییە، لە ڕاستیشدا ئیتر ئەو وشانە بوون بە بەشێک لە زمانەکەت و موڵکی خۆتن. ئەمە بۆ هەموو زمانێک درووستە و بۆ ئێمەش نە شورەیی و نە شانکورتییە. من چەند نموونە بهێنمەوە و ڕەچەڵەکیان دیاری بکەم: سەماوەر (ڕوسی)، شەمەندەفەر (فەرەنسی)، نەشونما (عەرەبی)، تانە (عەرەبی)، ئەلکۆل (عەرەبی)، یانی (عەرەبی)، قۆناغ (تەتەری)، یاپراخ (لە تورکەوە وەرمان گرتووە، پێموایە ئەوانیش لە یۆنانییەکانەوە وەریان گرتبێ)...

*لە زۆرێک لە زمانەکانی دنیادا لێکۆڵینەوە لەسەر وشە و ڕەگ و ڕەچەڵەکی وشە کراوە، بۆ هێندێکیان تەنانەت سەردەمەکانی پەرەسەندن و گۆڕانەکانیشی دەستنیشان کراوە، سەربارى ئەوەش هەر لەنێو فەرهەنگی زمانەکەی خۆیاندا دایان ناوە و ئاماژەیان بۆ ڕەچەڵەکی کردووە، بەڵام بڕیاریان نەداوە کە زمانەکەیان لەو وشانە (پاک!) بکەنەوە، چونکە ئیدی پێیان وایە ئەو وشانە بەشێکن لە زمانەکەیان و موڵکی خۆیانە و زمانەکەیان بەمە دەوڵەمەند و بەهێز بووە. ئەگەر بشیانەوێت بکەونە وێزەی زمانەکەیان و بە موکێش دەریان بهێنن، ئەوە خەیاڵێکە و لە وزەیاندا نییە.

*لە کاتێکدا لەنێو ئێمەدا تا هەنووکە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ئاکادیمیی بەرچاو لەو مەیدانەدا نەکراوە، بە بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین بە هەزاران وشەی بیانی نەک هەر لە زمانی ئاخاوتن، بەڵکە لە زمانی نووسینیشدا بەکار دەبەین بە بێ ئەوەی تەنانەت بە خۆشمان بزانین کە ئەوانە وشەگەلی بیانین، کەچی گەرەکمانە فەرهەنگێک دابنێین پاقژ لە وشەی بیانی!! بۆ ئەوەی بزانین ئەمە نەشیاوە، ئەوەندە بەسە کە بڕوانینە کاری هەتا ئێستامان، بڕوانن چۆن لە سەرەتای کارماندا کە هێشتا چەند هەزار وشەیەکمان تۆمار کردووە، کەچی دەیان وشەی بیانی و بگرە زیاتریشی تێکەوتووە، بە بێ ئەوەی هەستیشمان بەوە کردبێت کە ڕەچەڵەکیان کوردی نین! ئەگەر پێشمان وایە، کە هەر پێی حەسیان و وشەچنمان کرد، خزمەتی زمانی کوردی ئەکەین، ئەوە پێموایە بە پێچەوانەوەیە.

*دیارە من لەگەڵ ئەوەدام لێکۆڵینەوەی پوخت و زانستی و فراوان لەسەر زمانی کوردی بکرێت و وەک هەر زمانێکی دیکە ڕێسا و گرامەری ڕۆشن و یەکگرتووی هەبێت، بەردەوام و ساڵانە پوختەتر و باشتر بکرێت و نەک هەر دەستنیشانی ڕەگ و ڕیشەی وشە بیانییەکان بکرێن، بەڵکە لەگەڵ ئەوەشدام کە وشە کوردییەکانیش بگرین و بزانین ئەم وشەیە یان ئەوەی تر لە چ سەردەم و چاخێک لەدایک بووە و پاش چەند ساڵێک چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە هەتا ئەگات بەمەی ئێستای. ئەبێ ئەوەش لەبەرچاوبگرین کە ئێمە زمانێکی یەکگرتووی نووسینمان نییە، زمانی نووسین و ئاخاوتن بەیەکدا چوونە، ئەگەرنا کاری ئێمە زۆر سانا تر دەبوو، پێویستی نەئەکرد فەرهەنگی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابنێین بەڵکو فەرهەنگی زمانی یەکگرتووی کوردیمان دائەنا.

*ئەگەر بمانەوێ زمانەکەمان پاراوتر و پوختتر کەین، بێجگە لەو هەنگاوانەی کە باسیانم کرد ئەرکی نووسەرانە، هەوڵ بدەن کە بە چ جۆرێک بنووسن، نەک ئەوەی بێیت فەرهەنگێک دابنێی، کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیدا، هەزاران وشە کە دەیخوێنێتەوە لەو فەرهەنگەدا بۆی بگەڕێ و نەیدۆزێتەوە.

*کاری فەرهەنگ ئەوەیە کاتێک خوێنەری زمانێک بۆ وشەیەک گەڕا کە لە نووسینەکانی ئەو زمانەدا لە پەڕاو و گۆوارو ڕۆژنامە و بڵاڤۆکەکانیدا بەکار براوە بدۆزێتەوە. ئەگەر وەڵامدەرەوەی خوێنەری ئەو زمانە نەبوو، ئەوا بەو ئەندازەیەی کە وەڵامدەرەوە نییە، فەرهەنگێکی بێکەڵک ئەبێ.

---

(*).ئەم نووسینە یەکێکە لەو باس و بابەتانەی کە لەنێوخۆی گروپی (E_ Ferheng)دا بووە جێگای باس و پلمیک و لە کاتی خۆیدا بە نێوی (تۆمارکردن یان نەکردنی وشەی غەیری کوردی) بۆ هاوکارانم ناردووە. دیارە لەم بارەیەوە ڕا و بۆچوونی لێک جودا لە ئارادایە و ئەوەی من لێرەدا خستوومەتە ڕوو گوزارشت لە ڕای خۆم دەکات، پێویستە لێرەدا ئاماژەش بەوە بکەم هەر کاتی خۆی وام پێ باش بوو، لەبەر گرنگیی ئەم جۆرە باسانە بۆ کەسانێک کە خەریکی بابەتی فەرهەنگ و زمانی کوردین، وا چاکە بڵاو بکرێنەوە و کەسانێکی دیکەش لەدەرەوەی خۆمان (دەرەوەی گروپی ئیـ فەرهەنگ)، بەشداری بکەن و ئەم باسە گرنگە تێر بکەن.